


# خۆپیشاندانی لەندەن دژی واژۆی سەرۆکی هەرێم

ئەمڕۆ **2011/01/16** لە شاری لەندەن لە داون ستریت بەرامبەر بەماڵی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕەوەندی کوردی بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک لە کوردستان دژ بە واژۆی سەرۆکی هەرێم لە یاسایی خۆپیشاندانەکان . خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازدا کە ڕێژەیەکی بەر چاو لە گروپ و حیزب و کەسایەتی سەربە خۆ بەشداریان تێدا کرد بوو.

به پەیامی جۆراو جۆر بەشداریان کردبوو کەسەرجەمیان هاوپشتی ئەم ناڕەزایەتیەبون و دژ بە واژۆکەی سەرۆکی هەرێم بون .

خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشمی جۆراو جۆر وەک ( بە ئیمزایەک ئازادی سەرکوت ناکرێت، ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی، ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی خۆپیشاندان .... چەندینی تر )داون ستریتیان خرۆشاندبوو. دابەشکردنی نامەی تایبەتی ئەم ناڕەزایەتیە بە ناو خەڵکدا کە بۆ خۆی ئەم شۆینە چەقی شاری لەندەنە. ئەمەش وای کرد کاریگەری خۆپیشاندانەکە بە ئاڕاستەیەکی باشدا بڕوات و نەخشێکی گرنگی هەبو لەسەر ناوەڕۆکی ناڕەزایەتیەکە ،وە هەروەها پەرۆشی خەڵک بۆ ئەم هاوپشتیە بە گەرمو گوڕیەکی زۆرەوە نیشانی دا کە خەڵکی کوردستان ئازادیان بۆ گرنگەو لەسەر ئازادی ئامادەی هەموو قوربانی و بە خشینێکن .

**بێگومان کاری هاوبەش و هەمەجۆر دەتوانییێت کاریگەری گرینگی هەبێت لەسەر ڕوداوەکان.**

**بەو ئومێدەی هەمیشە پێکەوە بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی هاوپشت و هاوکاری یەک بکەین.**

**لە ئایبدەدا هەوڵی ئەوە بدەین تۆکمەترو فراونتر بیین.**

**گروپی جەتری ئازادی/ لەندەن 2011/01/16**

**Chatre_azady@hotmail.com**

